**ثةتي بؤ بةرةلآكةن ... هونةر كاكةي فةلاح**

چیرۆکی بەفرە و لە بەردەمی ئاگردانا ئەگێڕڕێتەوە.

سەردەمێکی نەزۆکە و

زەمەنی وڵاتێکی سەرلێشێواوی لێ کەوتۆتەوە.
دارستانی ئەم دنیایەش لەسە
رئەژنۆ دانیشتووە و  پێمان ئەڵێ:یارمەتی بەن!
پەتی بۆ بەرە
ڵاکەن!
با چارەنووسی غەرق بووی ڕاکێشێتە کەنار.

یان قەنارەی پێ دروست کا و

بەداری زەبر و زەنگی ساڵەکانیا فرمێسکەکانی هە
ڵواسێ.
وازی لێ بێنن!
عاشقە،

با عەشقی خۆی بکاتە نامەیەك و
لەبەر تریفەی مانگا بۆ ئەستێرە تازە دڵدارەکانی
بخوێنێتەوە.            وازی لێ بێنن! دڵی گەرمە،
با گەرمی دڵی لەگەڵ دڵی خۆرا قسە بکات.
وازی لێ بێنن! زۆر تینووە،
با خوناوی گەردنی هەورەکان بخواتەوە و تینوێتی بێدە
نگ بکات.            باهیچ نەبێ بۆ جارێکیش بێ لەسەر
بەرماڵی ئاسودەیی نوێژ بکات.

www.kurdistannet.org

له گه ڵ فه قێی ئاگردانا کۆبێته وه و
سه رمای زستان له ده ره وه ی حوجره که یان ڕه ق
که نه وه.
پێ ی ڕه وا ببینن!
با به هار له هه ناسه یه وه گۆرانی بۆ نه ورۆز بڵێ.
گوناح نیه ، کێلی په شیمانی خۆی هه ڵبه ستێته وه.

گوناح نیه ، شۆڕش له گه ڵ ڕابوردووی خۆیا هه
ڵگیرسێنێ.
ژیانێکی سه ختی بینیووه.
با کڵپه له ده می یه وه وشه ی به ستوو گه رم کاته وه.

با ئاسمان میوان بێت و مشتێ ڕوناکی بۆ بێنێ
به دیاری.
چیتان لێ ی ئه وێ؟
خۆ دڵی ئه و ده مێکه به دڵی خۆی نازی.
ده میشی بگاته به رسیله ش ناتوانێ بڵێ ترشه.
بۆ وازی لێ ناهێنن؟ شایی یه و
هه ڵپه ڕکێ ی ژانه کانی به جۆشه.
ده هۆڵ و زوڕنای سکاڵای، گه یشتۆته حه وت ته به قه ی
ئاسمان.
له ژێر خۆری ماته مینیدا، ژیانی خۆی هه ڵخستووه.
ساڵه کانی باڵیان گرتووه و خۆیان بۆ ناگیرێته وه.
ئاواته کانی سه ری خۆیان هه ڵگرتووه و له غه ریبیا سه ر
ئه نێنه وه.
له وه رزه کان بێزاره و وه رز نه ماوه تیایا بژی،
له و به ینه دا ماوه ته وه.

وازی لێ بێنن! وازی لێ بێنن, با خۆی وەرزێك
بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

هونەر کاکەی فەلاح
سوید/ مارتی 2004

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org